# شیعرەکانی قانیع
# لە
# تەرازووی ئیسلامدا

نووسینی

إحسان برهان الدين

## شیعرەكانی قانیع لە تەرازووی ئیسلامدا

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على خير المرسلين سيدنا محمد و على آله وصحبه أجمعين

ئاشكرایە كە مرۆڤ كاتێك خوا نەپەرستێت، پەنا بۆ پەرستنی شتی تر دەبات، ئەوەش كاردانەوەكی شرووشتییە بۆ ئەو فەراغە ڕۆحیەی لەئەنجامی تێكچوونی فیترەتدا درووست دەبێت، چونكە خوای گەورە لە بنچینەدا ئیمانی خستووەتە ناو دڵی بەندەكانیەوە وەكو ڕووناكییەك، بەڵام هەندێك لەوان بەردەوام ڕووبەڕووی دەبنەوە و خۆیان گومڕا دەكەن، بێ گومان مرۆڤیش لەم گەردوونە گەورەدا ئەگەر ئیمانێكی نەبێت بیكاتە مەشخەڵی ڕێگەكەی، ڕیگای ڕاست ون دەكات و بە چەپ و ڕاستدا بەبێ ڕێنوێنی دەڕوات.

بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتیش لەپاش پەنجاكان تاكو سەرەتای هەشتاكانیش، گۆڕەپانی ئیسلامی دەیانناڵاند بەدەست كەمی خەم خۆرانەوە، هاوكات تەوژمێكی بێ ئیمانی و ئیلحادی سەخت پەیدا

بوو بوو، کە بەداخەوە کاریگەری لەسەر خەڵکی درووست کردبوو، بەهۆی ئەمەی کە باسمان کرد و، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی هەڵنەسانی بانگخوازان بە ئەرکەکانی خۆیان لە بانگەوازدا بەباشی، سوننەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نامۆ بووبوویەوە و دیاردە ئیسلامی یەکان نەك هەر بەدی نەدەکران، بەڵکو هەر عەیبیش بوون، بۆ نموونە وا باو بوو نوێژ و ڕۆژوو و حەج و... تایبەتن بۆ پیر و بەساڵاچووەکانەوە، ئەمما مەسەلەی ڕیش و سەرپۆش و سیواك و نوێژی جەماعەت و عومرە و گوێزەبانە و قوربانی ئەوە هەر لێیان گەڕێ کە زۆر بە دەگمەن دەکران لەلایەن لاوەکانەوە.

لەم بارودۆخە ناهەموارە و، سەرباری ئەوەش کە نەخوێندەواری باڵی ڕەشی کێشابوویە سەر خەڵکیدا، زۆر لە شاعیرانی ئەو سەردەمە ڕۆڵی ئاراستەکردنی بیروبۆچوونی خەڵکیان دەکرد و لەسەر وەتەری حەساسیانیان دەدا بە هەندێ باسی تایبەت بە بارودۆخی خەڵکی و بژێوی و باری سیاسی و

کۆمەڵایەتی ئەو کاتە، بێگومان ئەو ئامانجانەش کە هۆنراوەیان لەسەر ڕێك دەخرا هەر لەژێر کاریگەری ئەو هەلەومەرجە بوون کە بریقەی شارستانی ڕۆژئاوا چاوی خەڵکی بردبوو هەروەها یەکێتی سۆڤیەتیش وەکو هەڵگری ئاڵای شیوعیەت هەر کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ڕۆشنبیر و شاعیرەکان.

قانیعیش وەکو نمونەیەك، ئەگەر لەڕووی فیکریەوە تەماشای دیوانی هۆنراوەکانی بکەین بریتیە لە تێکەڵ و پێکەڵیەکی نەشیاو وناتەریب لەنێوان هەندێك دژەیەکتردا کە کۆنابنەوە، ئەو لەکاتێکدا بەپێی تێگەیشتنی خۆی دەیەویست هۆنراوەی ئایینی بنووسێت، ئیتر بەڕاستی بێت یان لەبەر خەڵکی و داپۆشینی شیعرەکانی تری بێت، زۆر زانیای خراپی دەچەسپاند لەدڵی خەڵکیدا وەکو هاوار کردن بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و تێکدانی زۆر واتای ئیسلامی تر لە زەینی خەڵکیدا وەکو دەڵێت:

دەستی من دامێنی تۆ یاحەزرەتی خەیرولبەشەر

من سەگی ئەومە کە مەیلی سورەتی تاها ئەکا

یان دەڵێت:

وەو سەی سادقە وەو میری سوورە

دڵــم هـــــەربۆتۆ چەشــنی تەنوورە

وە برایم سەمین هـــــاله گەرمــیان

وەکابلە سوورەی ماڵ لـــە مەریوان

وە نەبی یونـــس وە هــــۆمەر مەنان

دەســـت نابڕم ســــەوڵی خـــەرامان

بەڵام بەشێك لە شیعرەکانی–کە تیشکیان نەخراوەتە سەر–بە زەقی و ڕاستەوخۆ سوکایەتی کردنی تێدایە بە خوای گەورە، لەوانەشە ئەوە وەکو کاردانەوەیەك بێت بۆ قایلبوونی قانیع بە فیکری کۆمۆنیستی کە ئەو سەردەمە دژایەتی دەرەبەگایەتیان دەکرد و قانیعیش خۆی بە نوێنەری چینی هەژار دەزانی، لە هۆنراوەیەکیدا بە ڕاشکاوی دەڵێت:

کـــاکی مالیك پێم بڵێ بۆچی ئەمـــە دینتە

خوێن مژینی ژێر دەسەی بێدەسەڵاتان دینتە

یان وتوویەتی:

گوێ گرە قانوونی سۆشیالیست دەنگی دایەوە

ڕۆژی مـــەرگت زۆر نزیکە ئەو دەنگە یاســینتە

دژایەتی کردنی قانیعیش بۆ دەرەبەگایەتی و داکۆکی کردنی لەسەر هەژاران لە ڕوانگەی ئایینیەوە نەبووە، بەڵکو لە ڕوانگەی بیروبۆچوونی پرۆلیتاریاوە بووە، هەر خۆیشی درووشمی شیوعیەکانی کردووە بە شیعر و دەڵێت:

یەکگرن ئەی چینی جووتیار یەکگرن

یـــەکگرن ڕۆڵـــەی کرێـــــکار یەکگرن

بەڵکو لە شیعرێکی تریدا وتوویەتی:

کوردە وەرە بنواڕە دەوای دەردت لەکوێیە

هەر پەیڕەوی لینینە دەواو و چاری نەخۆشین

بێگومان کەسانێکیش بوونە لەو سەردەمە ڕەخنەیان لە قانیع گرتبێت سەبارەت بە لادانەکانی لە چەمکە ئاینییەکان، هەر بۆیە وتوویەتی:

بەکـــــوفری تێـــمەگەن ئەشعاری وردم

هەمووی دوڕ و گەوهەر و مەرجانە بۆتان
قانیع لەزۆربەی تەمەنیدا ئەسپی خۆی لە گۆڕەپانی کوردایەتیدا تاوداوە و، زۆر گریان و شیوەنی بۆ حاڵیان کردووە، لە شیعرێکیدا لە دیوانەکەی لە لاپەڕە ژمارە 230 دەڵێت:

فیکری خۆمت بۆ بەیان کەم موختەسەر ئاخر کەلام*شەرتە تا تۆ بی حەرام بێ زیارەتی بەیتولحەرام

هەروەها لە شیعرێکی تریدا بە ئەوپەڕی ڕاشکاوی فەزڵی ناودارێکی کورد لە سلێمانی بە ناوی کەریم ئەلەکە دەداتە سەر خوای گەورەدا و دەڵێت:

ڕۆژێـــــك میکائیل وتی بە خــوا
چاکی چلۆنی ئاغام مەڕحـــــەبا
ئەمساڵ چەند هەزار مناڵی گەدا
لە موڵکی عەدەم هێناوتە دونیا
هەرچی ئەگەڕێم هەمار و قوژبن
ڕزقیان ئەسڵەن نییە لەلای من
بەخێویان نەکەیت لەتۆ ناترسن
لە گوڕەی شێخ و مەلات ناترسن

ئەوە کلیلی هەماری چــــــۆڵت

ئەوە حیسابی دەف و کەشکۆڵت

پیاوەتیت ناکەم نەڵێی مەلەکە

ئەبم بە بەردەست کەریم ئەلەکە

واشبزانم ئەم وشانە پێویستیان بە هیچ لەسەرچوونێك نییە و، هەر دێڕێکی بۆخۆی پڕە لە بەڵای ڕەش، لەوانەشە ئەگەر قانع لەم سەردەمەی خۆماندا بوایە، تەرشیح بکرایە بۆ خەڵاتی نۆبڵ لەسەر ئەم هەموو بێئەدەبییەی بەرانبەر خوای گەورە دەیکات لەم هۆنراوە و لە هۆنراوە هاوشێوەکانی تریدا.

هەروەها لە شیعرێکی تریدا هەستی کوردایەتی لەلای دەگاتە ئاستێك کە خۆی وا دەردەخات لەگەڵ مەلەکولمەوت و ئەو کەسەی کە تەلقینی دەخوێنی کەوتووەتە مشتومڕ و دەیەوێت فریشتەکان بە زمانی کوردی پرسیارەکانیان بکەن، ئەگینا توند و تیژی لە دژیان دەردەبڕێ و ئازاریان دەدات!! بەڵام لە خەیاڵی خۆیدا کاتێك بە کوردی گوێی لە پرسیارەکانی گۆڕ دەبێت، بە زمانێکی کوردی شیرین وەڵامیان

دەداتەوە و، لەوێیش هەر بە ڕاشکاوی و بەبێ ترس ئەوە دەردەبڕێت کە باوەڕی بە برایەتی ئیمان نییە و، تەنها ژن و پیاوی کورد خوشك و برای ئەون، لە هۆنراوەکەیدا دەڵێت:

کوردە من ئەمرم دینم کوردییە

.........نیم ژیـــنم کوردیـــیە

ناشزانم چۆن ئەبێت دین کوردی بێت پاش ئەوەی کە خوای گەورە بەعەرەبی دایبەزاندە سەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەو بۆشاییەش هەر وایە لە دیوانەکەیدا، بەڵام پێدەچێت وشەی عەرەبی یان وشەیەکی لەو شێوەی تێدا بووبێت و سڕاوەتەوە.

دواتر دەڵێت:

کاتێك کە دەمرم دەمنێنە چاڵــێ

کە دامئەپۆشن بە هەر ئەحواڵــێ

با بە کوردی بێت دەنگی یاسینم

با سارێژ ببێت پەتـرۆی بـــرینـم

ئەمەش داواکاری سەرەمەرگی قانعە کە سوورەتی یاسینی بۆ وەرگێڕنە زمانی کوردی بەڵکو بتوانێ

گوێبیستی بێت و ئارام و ئاسوودە بێت، ( فإنها لا تعمى الابصار ولكن تعمى القلوب التى الصدور).

پاشان دەڵێت:

ئەگەر مەڕنەمووك بێتە سەرینم
بە زمانی عەرەبی بكا تەڵـــقینم
ئەنەوم لە دار زۆر بە ئاســــانی
لیسێ لە ڕانی چوار لە ناوشــانی
ئەگەر بە كوردی بپرسێ لە دیـن
جوابی ئەدەمۆ بە زمانی شیـرین

ئەم قسانەی قانع چاو پێكەوتنێكی ڕۆژنامەی هائاریتسی ئیسرائیلیم دەخاتە یاد كە لەگەڵ شاعیری فەلەستینی مولحید "محمود درویش " ئەنجام دراوە، یەكێك لە پرسیارەكانیش دەربارەی مردنە پێی دەڵێن: چۆن چاوەڕوانی مردن دەكەیت؟ ئەویش دەڵێت: من مەسەلەكەم لەگەڵ مردن ڕوون كردووەتەوە كە جارێ كاتی ئەوم نیە، بەڵام ئەگەر هات با پێشتر ئاگادارم بكاتەوە بۆئەوەی ئامادەبم و خۆم بگۆڕم و لە ڕۆخی دەریا ببیبینم، قاپێ ئارەق

پێکەوە بخۆینەوە و ئەوکاتە با بمبات، بەڵام با وەکو دز لەپڕ نەیەت یان بە چەند قۆناغێك بمکوژێت وەکو سەرەتان و دڵ و ئێدز... ! ئەمە قسەکانی مەحمود دەروێشە دەربارەی مردن، ئەوەش قسەکانی قانیعە دەربارەی مردن، یەك واتایە لە دوو پۆشاکدا.

بەپێی ئەم قەسیدە و شیعرەکانی تری قانعیش بێت، گەر بێت و تاکو ئیستا لەژیاندا بوایە و دەسەڵاتی بوایە پێشبینی دەکەم فەرمانی بکردایە نووسینی کوردی و دەقە دینیەکانیش هەمووی بکرایەن بە لاتینی، لەوانەشە فەرمانی بکردایە بە لە نێوبردنی هەموو دارخورما و حوشترەکانیش!

ئینجا درێژە بە هۆنراوەکەی دەدات و دەڵێت:

ئەڵێم مەڕنەموك خوام خـــــــوایە

موحەممەد گەورەی هەموو دونــیایە

ژنی کورد خوشك و پیاوی بــــرامە

کوردستان بەهەشت هەردوو دونیامە

ئاشکرایشە کە قانیع ڕاشکاو قەناعەتی خۆی دەرنابڕێت، ئەگینا وا لە دێڕی یەکەمی ئەم دوو دوو

بەیتەدا دان دەنێ بە بوونی خوا و سەرگەورەیی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم (بێگومان بەپێی بیروبۆچوونی خۆی) بەڵام لە دێڕی دووەمدا مەسەلەکە ئاوەژوو دەکاتەوە و بڕیار دەدات برایەتی ئیمانی قەتیس بکات لە ژن و پیاوی کورددا، هەروەها بێمنەتی خۆیشی دەردەبڕێت لە بەهەشتی ڕۆژی دوایی چونکە ئەو کوردستانی هەیە و کوردستانیش بەپێی بۆچوونی قانیع بەهەشتی هەردوو دونیا.

لەڕاستیدا قانیع باوەڕی بە کوردایەتییەك بووە پەیوەندی پچڕاو بێت لەگەڵ ئیسلامدا، یان بە دەستەواژەیەکی تر، کوردایەتی هەڵبژاردووەتە سەر ئیسلامدا، یان بەواتایەکی هوچەرخ کوردایەتی لەژێر سێبەری عەلمانییەتدا.

قانع بە قۆناغەکانی فەقێیەتی بڕیوە و دواتر بووە بە مەلا، زۆرجاریش لە شیعرەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، وەکو دەڵێت:

چوار سیفەت مەوجودە بۆ من بۆیە هیچ کەس نایەوێم
قانیعی یەك، شیعر دوو، ڕووخۆشی سێ، مەلا چـــــوار

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەبیت مەلا ئەو هەموو بەڵا گەورانەی لێ وەدیبکرێت، ئایا دەگونجێت ئەوەندە جاهیل بووبێت بە ئایینەکەی کە وایزانیبێت هەموو ئەم واتا دژ بە دینەی کە دیانکاتە هۆنراوە ئاسایی بن یان زەرووڕەتی وەزن وقافیە بن! ئینجا بۆچی خەڵکی و مامۆستایان لەو سووکایەتی کردنانەی قانیع بە زاتی خوای گەورە بێ دەنگ بوونە؟! دیارە قانیع تەنها خۆیشی نەبووە کە شیعرەکانی ئەم جۆرە واتایانەی لەخۆ گرتووە، وەکو لە دیوانەکەیدا هاتووە کە هاوڕێیەکی سەردەمی فەقێتی بووە ئەویش هەر مەلا بووە بەناوی فەریق، نامەیان ئاڵوگۆڕ کردووە و، پێکەوە بە دووقۆڵی ئەم شیعرەیان نووسیوە:

خـــــوا من و تـــــۆ بێـــینە گفتـــووگـــــــۆ

محــــاکەمە کەیـــــــن ڕاســـــــت و بـــــێ درۆ

من کــــــە دامەزگ بۆ نـــــــانێـــــــکی جـــــۆ

ئاخر بەکام ڕوو کرنـــووش بــــــەم بــــــۆ تــــــۆ

***سەد جار بە خــۆت سوێند حــــــــــاڵم بەد حـــاڵە***

جبرەئیلم کوشـــــت یان کـــابـــەم ســـــووتـــــــان

خزمەتم نەکـــــرد بە شـــــــەرع و قورئـــــــان
چەنـــــــدەم بۆ خـــــوێندی سوورەی ئەلڕەحمان
بۆچــــــی یەزیــد بووم حسێـــــــنم فــــــەوتان
*ڕووی تــــــۆ لە حــــەنام ئــــــەوەندە تــــاڵــــە*

ئەم هۆنراوەیە بە دوور و درێژی لە نێوان قانیع و فەریقی هاوڕێیدا تا کۆتایی بەم شێوە سوکایەتی و بێڕێزی بەرانبەر خوا دەنوێنن.

هەروەها قانع لە شیعرێکی درێژدا کە لە لاپەڕە (512)ی دیوانەکەیدا هاتووە لەژێر ناونیشانی (گەشتێك لە بەهەشت) بەبێ هیچ شەرم و خۆگۆرینێك، بە ئەوپەڕی ڕاشکاوی و بەشێوەیەکی کۆمیدی گاڵتە دەکات بە هەرچی لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە دەربارەی پرسیاری ناو گۆڕ و زیندوو بوونەوە و حەشر و پردی سیرات و خۆشی نێو بەهەشت، لە شەست و شەش بەیت دا و بەیەك هەناسە گاڵتە بە ئایین دەکات بە گشتی، بۆ نمونە بەدەم ئەو دوو فریشتەی کە لەناو گۆڕدا پرسیار دەکەن دەڵێت:

وتـــم فريشته قەزات لەگيانم

بێ قەدری نەبێت ناوت نازانم

وتی من ناوم كاك ئەڕنەمــوكە

هاوەڵەكەیشم شێخ مەڕنەموكە

ئینجا باسی ئەوە دەكات كە چووەتە لای پردی سیرات و ڕێگەی نەدراوە بڕوات بۆ بەهەشت بەڵام ئەوان ڕێگەیان نەداوە و نیوەی كفنەكەی بە بەرتیل پێی داون ئەوانیش ئیتر ڕێگەیان داوە، وەكو دەڵێت:

وتم باش چاوش ئەچم بۆ بەهەشـت

بۆ دیدەن خزم و بۆ سەیران و گەشـت

وتــــــی جەوازی عوبورت پێـــیـــــە

بێنە بزانم كە ئیمزای كێیـــــــــــــە؟

نیوەی كفنەكەم دا بە شورتەكـــــــان

ڕێم بۆ چۆڵ كرا بە سەهل و ئاســـــان

ئینجا بە گاڵتەكردنەوە باس لەوە دەكات كە لە دەرگای بەهەشتیش بەهەمان شێوە نیوەی تری كفنەكەی بە بەرتیل داوە و چووەتە ناو بەهەشتەوە، وەكو دەڵێت:

هەرچی پاڕامۆ گوێی نەدا بە فیل

باقی کفنەکەم دایە بەرتیـــــــــل

ئینجا گاڵتە بە خەڵکی بەهەشت دەکات و دەڵێت:

ڕوانیم ئینزبات عەمامە بە ســـەر

باخەڵ فشوفۆڵ گشت جبە لەبەر

تا دەگاتە کۆتایی شیعرەکەی هەر بەو شێوازە گاڵتە ئامێزە گاڵتە بە بەهەشت و خەڵکی بەهەشت دەکات و باسی ئەوە دەکات چۆن پیرەژنێکی خزمی خۆی لەوێ دۆزیوەتەوە کە کاربەدەست بووە و کاغەزێکی بۆ نووسیوە بۆ چێشتخانە لەوێ نان بخوات.

ئەم شیعرانەش کە هێناومەوە وەکو بەڵگە، بریتین لە شیعرە دیار و زەقەکانی قانع کە ناکۆکن لەگەڵ قورئان و شیعردا، بەڵام ئەگەر بەوردی دیوانەکەی بخوێنرێتەوە ئەوا قەبارەی لادانی ئەو شاعیرە بۆ شەرع دەردەکەوێت،ئینجا جگە لە مانەش باسمان کرد قانع چەندین شیعری تری هەیە کەڕاستەوخو لە گەڵ شەرعی ئیسلامدا ناکوکن، بۆ نموونە بەئەوپەڕی وردەکاریەوە باسی شیوازی دلّداری نێوان کوڕوکچی لە

لادێدا کردووە،لەوبارەشەوە چەندین وینەی بێ شەرمانەی هاندەر بۆ بێڕەوشتیمان بو دەگوێزێتەوە لە دیوانەکەیدا وەکو هۆنراوەیەکی درێژی بە ناوونیشانی(دڵداری لادێ) لە لاپەڕە(423)، هە روەها لە هۆنراوەی(خاتوو شەیتان لە خەودا) بە هەمان شێوە وینەیەکی نموونەیی لەئاکاردوورکەوتنەوەمان بۆ باس دەکات، کە شارەزا نیم هیچ شاعیرێکی تر گەیشتبێتە ئەوئاستە لە بێشەرمیدا،بێجکە لە چەندین جوری تر لە لادانی شەرعی کە لە توانای ئەم چەند لاپەڕەیەدا نییە بە دوایاندا بچێت، بەڵکو گوێنەنەدان بە سنووری شەرعی لەلای قانع–سەرەڕای ئەوەش کە مەلا بووە–گەیشتووەتە ئاستێك کە وەسفی ساقی وئارەقی دەستی بکات کە دەیگێڕێت بە سەر سەرخۆشەکاندا وەکو لە لاپەڕە(332–336) لە دیوانەکەیدا هاتووەو دەڵێت:

دە ساقی بە حەقی پیاڵەی شەراب

بەجەرگی پڕوزاوی هەروەك کەباب

دە ساقی بە میحرابی هەردوو برۆت

به نازو گرشمەی دووچاوانی خوٚت
ژمارەی پیاڵەم مە کە تاکو بەهار
نەچیٚ بابچێتە هـــەزاران هـــەزار

پوختەی ئەم چەند لاپەڕەیەش ئەوەیە ئەگەر هۆنراوەکانی قانیع بە تەرازووی ئیسلام بکێشرێن دەبنە بەڵا و دەڕژێنە سەر خاوەنەکەی و، هەرکەسێکیش کە بە باشیان بزانێت و داکۆکیان لەسەر بکات، چونکە بەرگری کردن لە هەڵە و قسەی پووچەڵ هەڵەیە و ڕەت دەکرێتەوە لەڕووی شەرعەوە، بە پێی بنەمای (الولاء و البراء)یش هەرکەسێك موسولمان بێت پێویستە خۆشمان بوێت، هەرکەسیش وا نەبێت نەخوازەلا دژایەتیش بکات یان گاڵتە بە یاسا و ڕێساکانی ئیسلام بکات پێویستە خۆشمان نەوێت و ڕقمان لێ بێت لە بە خوا ئەگەر باوك و برایشمان بن، ئەگەر ڕۆڵی شاعیرانیش لە ئاراستەکردنی خەڵکیدا گەورەو ترسناك نە بوایە خوای گەورە سورەتێکی تەواوی بە ناوی ئەوانەوە دانەدەبەزاند کە تێیدا

فەرموویەتی:(والشعراء يتبعهم الغاوون ألم تر أنهم في كل واد يهيمون وأنهم يقولون مالا يفعلون).

داواكاريشم ئەم نووسینە هاندەریك بیت بۆ توێژینەوەیەكی تێروتەسەل دەربارەی ئەو شاعیرانەی ڕۆڵی خراپیان بینیوە لە ئاڕاستە كردنی گەلی كورد و دوورخستنەوەیان–بە ناو خودی ئایینەوە– لە قورئان و سوننەت.